ئاژانسی نەوەوەتی وزەی ئەتەمی: هەنگاوەکەی ئێران قبوڵ ناکرێت

ئاژانسی نەوەوەتی وزەی ئەتەمی ئەمڕۆ چوارشەممە ڕەتکردنەوەی بڕیاری ئێران بە ڕاگرتنی هاوکارییەکانی لەگەڵ ئاژانس و خۆبەدورگرتن لە پشکنینی دامەزراوە ئەتەمییەکانی ڕاگەیاند و دەڵێت، "قبوڵ ناکرێت".

ڕافائیل گرۆسی، بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانسی نەوەوەتی وزەی ئەتەمی لە بیانناممەیەکدا ڕایگەیاند، "کەمکردنەوەی نەوەوەتی ناتوانێ پچڕانی پشکنینەکان لە دامەزراوە ئەتەمییەکانی ئێران قبوڵ بکات، دەرفەتێک هەیە بۆ دوبارە چارەسەرکردنی پرسی بەرنامەی ئەتەمی ئێران لە دوای ململانێی سەربازیی ئەم دواییە".

ئاماژەی بەوەشکرد، میکانیزمی پشکنین لە شوێنە ئەتەمییەکانی ئێران تەکچوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە "زانیاری تەکنەلۆژی ئەتەمی لە ئێراندا هەیە، هەروەک چۆن توانای پیشەسازی هەیە و کەس ناتوانێ ئینکاری ئەوە بکات".